# فەزای خەونەکانم



handren88@hotmail.com

هەموو شەوێ
ووشەکانت
دارخەونەکانی باخچەی تەمەن پڕئەکەن
پڕیان ئەکەن لەو گەڵایانەی
خەمەکانی عاشق هەڵئەمژن و
حەزەکانیان ئەدەنەوە
ئەبنە سێبەری راز و نیازەکانی دڵ
شەونمەکانیان
خۆیان هەڵگرتووە بۆ ئەو رۆژەی
لەگەڵ ماچەکانمان تەڕمان بکەن
دەنگی هەناسەی خۆزگەکانت
ئاوازی تەنیایی ژوورەکەم
گەڵا سەوزەکانی بەر پەنجەرە دێنە سەما
هەر چەند بە ئاو مەستیان ئەکەم
بێ رەنگی تۆ گەشە ناکەن
وانەزانی بۆنی قسەکانت
نەسیمێکە هەر لە گیانی مندا کۆبۆتەوە

فێنکایی تۆ تخوبی بوونم ئەبەزێنێت
بە هەموو بۆشایەکاندا ئەمبات و
لەناو خۆتدا
بەندی گوڵەباخەکانم ئەکەیت
ئەی فەزای ئەزەلی خەونەکانم

**هەندرێن حەمەدەمین**

**٢٦ی ٩ی ٢٠٠٨**